# زمانی PHP

## سەرەتایەک بۆ کۆد نوسین




**زنجیرە کتێبی سەرەتایەك بۆ پرۆگرامسازی**

**کتێبی دوو**


ئالان قەرەداغی

# زنجیرە کتێبی جیهانی پرۆگرامسازی

## کتێبی دوو

## زمانی PHP

## سەرەتایەك بۆ کۆد نوسین

**ئالان محی الدین قەرەداغی**

**خوێنکاری زانستی فیزیا/زانکۆی هەڵەبجە**

سالّی 2018

پێشکەشە بەو کەسەی کە هەوڵی فێربوون دەدات لەپێناو فێرکردنەوە و بەکارهێنانی لە خزمەتکردن و کاری چاکە

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

## پێشەکی زنجیرە کتێبەکە

**تا دێت شارستانیت و مرۆڤایەتی بەرەوپێش دەچێت و تەکنەلۆجیا گەشەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا کە ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تەواوی کوردستانین گرتۆتەوە، بۆیە لە ئێستادا بە ئەلکترۆنیکردنی پرۆژەکان و کەرەستەکانی دەوروبەرمان خواستی زۆر لەسەرە، پرۆگرامسازیش یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەتوانیت ئەو کارانەی پێبکەیت کە دەتەوێت، وەلەو ئەم بەشە لە زانکۆکانی کوردستان تا ڕادەیەك ئیهمالکردنی پێوە دیارە، بەڵام ئەوەی بیەوێت بەڕاستی ببێتە پرۆگرامساز و بەرنامەی خۆی هەبێت نابێت چاوەڕێی مەنهەجی زانکۆ و پەیمانگاکان بکات بۆ فێربوون چونکە پرۆگرامسازی و کۆمپیتەر بە گشتی بابەتگەلێکن کە لەگەڵ حەز و خولیایی بەکارهێنەر پەیوەستە و بابەتێکی پراکتیکیە بۆیە ئەگەر حەز و خولیات بۆی هەبێت، هیچ پێویست بەوە ناکات لە زانکۆ یان هەر جێگایەکی تری حکومی بۆی بخوێنیت بەڵکو تەنها حەز و خولیای خۆتی پێویستە، تەنانەت ئەتوانم بڵێم ئەگەر بەدڵ و بە خۆشەویستییەوە کار بۆ ئەو بوارە بکەیت کە حەزت پێی هەیە ئەوا بە دەڵنیایەوە لە زۆر خوێندکاری خریجی ئەو بەشانە زیرکتر دەبیت و لە بوارەکەدا لێهاتوتر دەبیت، بەداخەوە زانکۆکانی ئێمە کەمتر کار لەسەر لێهاتووی و حەز و خولیای تەلەبە دەکەن و زیاتر بە پێوەری نمرە تەلەبە وەردەگرن نازانم بڵێم بێ ئاگان لەوە یان نا، بەڵام ئەتوانم بڵێم ئەم سیستەم تازەیە سیستمی ڕاستەوخۆ تا ڕادەیەك حەزی خوێندکاری تیا فەراهەم کراوە بۆیە سودی زیاتری هەیە هەم بۆ کۆمەڵگا و هەم بۆ داهاتووی خوێندکارەکە.**

**ئەوەی گرنگە لێرەدا ئیرادەی تۆیە تۆ ئەگەر کەسێکی حەز و خولیای پرۆگرامسازیت هەیە یان ئەتەوێت فێری کۆمپیتەر و پرۆگرامەکان بیت ئەوا زۆر ئاسانە و بە هەوڵدان و کۆڵنەدان دەتوانیت بگەیت بەوەی کە دەتەوێت بێ گوێدانە خوێندن و دەرەجەی سەر کاغەز!!**

**منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی کە زۆر خولیای بـواری سـیکورتی و پرۆگرامسـازیم هـەبووە و هەیـە، بـەلاّم بەهۆی کەمی نمرەوە نەمتوانی لە بەشی پرۆگرامسازی یان زانسـتی کۆمپیتـەر وەربگیرێـم، لەگـەلْ ئەوەشـدا سارد نەبومەوە و ئیرادەم هـەبوو و لەگـەلْ خوێنـدنی وانـەکانی زانکـۆ هـەرکات مـەجالم هەبوایـە خـۆم بـە کۆمپیتەرەوە خەریك دەکرد و لە بواری پرۆگرامسازی لە کتێب و گۆڤار و سایتەکانی ئینتەرنێت دەمخوێندەوە، سوپاس بۆ خوا ئێستا تا ڕادەیەك ئاستم باشە لەم بوارەدا و ئەتوانم بڵێم گەیشتووم بەو ئاستەی کە لێـی ڕازیـم، هەرچەندە بواری کۆمپیتەر و پرۆگرامسازی وەکو گەردوون و فیزیا وایە زانستێکی تـا ڕادەیـەك بـێ سـنورە و تادێت فراوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەلاّم ئەوەی کـە لـە هەوڵـدان نەوەسـتین و بـەردەوامبین خـۆی لـە خۆیـدا سەرکەوتنە.**

**بوارەکانی کۆمپیتەر و پرۆگرامسازی وەك فیزیا و ماتماتیك وایە هەمووی بیرۆکە و فکرەیە بۆیە ئەم وانـەکانی مێژوو و جوگرافیا نییە کە تۆ دەرخی کەیت و وەك خۆی بیلێیتـەوە پێویسـتە خـۆت فکـرەی تیـا بدۆزیتـەوە و تازەگەری تیا بکەیت، هەرچەندە هەوڵەدەم بە کۆمەڵێك فکرە ئاشنات بکەم، بەلاّم ئەمـە بـەس نییـە بـەڵکوو پێویستە خۆت تازەگەری تیا بکەیت من لێرەدا تەنها ئەساسیات و بنچـینەی کارەکانـت پـێ دەڵێـت تـۆ خـۆت دەتوانی کاری زۆر جوانتر و سەرنجڕاکێشتر بکەیت.**

*ئالان محی الدین قەرەداغی*

*خوێندکاری زانستی فیزیا/زانکۆی هەڵەبجە*

**ناساندنی زمانەکە؟؟**

**بێگومان زمانـەکان و بەرنامـەکانی پرۆگرامسـازی زۆرن و هەریەکـەیان بـەپێی تایبەتمەنـدی خـۆی سـود و بەکارهێنانی هەیە, لەم کتێبەدا ئێمـە بـاس لـە زمـانی پـی ئـێچ پـی دەکـەین بـۆ دروسـتکردنی سـایتێکی پێشکەوتوو، ئەم زمانەش بەهەمان شێوەی زمان و پرۆگرامـەکانی تـر بـەردەوام لـە نوێبونەوەدایـە و ڤێرژنـی تازەی دێتە بەرهەم بۆیە ئەگونجیٚ ئێستا کە تۆ ئەم کتێبە ئەخوێنیتەوە ڤێرژنێکی بەرزتر بلاٚوکرابێتەوە لەبەرئەوە ئەگونجیٚ چەند جیاوازییەکی کەمی هەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەلاٚم شتێکی وا نییە کـە کارەکانـت لیٚ تێك بدات**

**زمانی پی ئێچ پی زمانێکی بەتوانایە لە بواری دروستکردنی سایت، گرنگی ئەم زمانە ئەوەیە کە دەتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ داتابەیس ببەسرێت و سایتێکی پێشکەوتووی پیٚ دروستبکەیت کە بتوانێت خۆی نویٚ بکاتەوە و سایتێکی داینەمیکی بێت، پی ئیٚ پی لە سـەرەتادا کـورتکراوەی "پێرسـناڵ هـۆم پـەیج" بـوو بـەلاٚم دواتـر ناوەکەی گۆڕدرا.**

**زمانی پی ئێچ پی لەسەر زۆربەی سیسـتەمەکان کـار دەکـات، بـەلاٚم جیـاوازی ئـەم زمانـە لەگـەڵ زۆربـەی زمانەکانی تر ئەوەیە کە بۆ بینینی ئەنجامی کارەکانت پێویستت بـە سـێرڤەرێکی نـاوخۆی هەیـە واتـە بـەبیٚ بوونی سێرڤەری ناوخۆی ناتوانیت ئەنجامی کارەکانـت ببینـی، مەگـەر تـەنها کۆدەکـان بنوسـیت و خـەزنی بکەیت.**

**زمانی پی ئێچ پـی ئـەتوانرێت لەگـەڵ زمانـەکانی تـر بـەکاربێت، بـۆ دروسـتکردنی سـایتێکی پێشـکەوتوو دیزاینکردنی پێویستە لانی کەم یەکێك لە زمانەکانی سی ئێس ئێس یـان جاڤـا سـکریپت بـەکاربێنیت بۆیـە ئەگەر پێش پی ئێچ پی شارەزایەکی کەمت لە کۆد نوسین یان زمانـەکانی تـری وەك سـی# یـان ڤیـژوەل بەیسك یان جاڤا هەبێت باشترە، ئەگەر شارەزایشت نەبێت ئەوا هەوڵـدەدەم لێـرەوە فێـرت بکـەم کـە بنـەمای کۆدەکان و چۆنێتی کارکردنی کۆدەکان چۆنن، بەلاٚم لەم کتێبـەدا باسـی دروسـتکردنی سـایت و ئاسـتی**

**ناوەندی ناکەم لەبەرئەوەی کاتی زۆری ئەوێت پێویستە لەگەڵ زمانەکانی تر تێکەڵ بکرێت، تەنها ئەوەنە باس دەکەم کە چۆن کۆد بنوسیت و هەڵەکانی سینتاکس چین و چۆن چارەسەر دەکرێت و چەند کۆدێکی سەرەتای تاقیدەکەینەوە تا ڕابێیت لەگەڵ کۆد نوسین.**

**بۆ زیاتر شارەزابوون فەرموون با دەستپێبکەین**


**دامەزراندنی سێرڤەری ناوخۆی**

**دابەزاندنی بەرنامەی**


**وەك لە پێشتر باسمکرد زمانی پی ئێچ پی وەکو زمانەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ و سی ئێس ئێس نییە، چونکە لەم دوو زمانەی دوای ئەتوانیت بە ئاسانی کۆدەکان تاقیبکەیتەوە و ئەنجامی کارەکانت ببینیت، بەڵام بۆ زمانی پی ئێچ پی پێویستە خاوەن سێرڤەرێك بیت لەبەرئەوەی ئێمە جارێ هیچ پرۆژەیەکمان نییە تەنها بۆ تاقیکردنەوەی کۆدەکان بەکاری دێنین بۆیە لەسەر سێرڤەری ناوخۆی کارەکانمان ئەنجام دەدەین کە سێرڤەری ناوخۆی هەمان ئیشی سێرڤەری کرینمان بۆ دەکات، بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە بەرنامەی ئێکسامپ هەیە، بۆ دابەزاندنی بەرنامەکە لەم سایتی خوارەوە ئەتوانیت دایبەزێنیت**

https://www.apachefriends.org/index.html

**کە سایتەکەت کردەوە ئەم ڕوکارە دەبینیت**




**ئەوەی زیاتر بەکاردێت بۆ سیستمی ویندۆزە بۆیە بۆ دابەزاندن بۆ ویندۆز کلیك لەو بەشەی ناو بازنەکە بکە، ئەگەر سیستەمەکەشت سیستەمێکی ترە ئەوە بەپێی سیستەمەکەی خۆت دایبەزێنە، پاش دابەزاندن بەم شێوەیە دایمەزرێنە وەك هەر بەرنامەیەکەی تر بە چەند هەنگاوێك نێکست نێکست برۆ تا دەگەیتە کۆتا بۆکس کە پێت دەڵێت ئایە دەتەوێت لەگەڵ تەواوبونی دامەزراندنەکە بەرنامەکە بکرێتەوە وەك خۆی وازی لێبێنە با خانەکە چالاك بێت و فنش بکە دواتر بەرنامەکە دەکرێتەوە**





**زمانەکە هەڵبژێرە و سەیڤی بکە**

**دواتر کەمێك چاوەرێکە ئەم بۆکسە دەکرێتەوە**




ئەو دوو دوگمەی یەکەم هەردووکی ستارت بکە

ئەگەر بەبێ کێشە هەردوو بەشەکەی سەرەوە ئەکتیڤ بوو ئەوە کارەکە سەرکەوتووە ئەگەرنا ئەوە لەوانەیە ئەم کێشەیەت بێتە پێش لە خوارەوە نوسیومە چۆن چارەسەر دەکرێت





**ئەگەر ئەم کێشەیەت توشبوو ئەوا پێویستە ئەم بەرنامە دابەزێنیت و سێتئەپی بکەیت**

http://download.microsoft.com/download/9/b/3/9b3d2920-49f7-4e76-a55c-d72b51e44537/vc_redist.x86.exe

**دوای دابەزاندنی بەرنامەکە پێویستە ویندۆزەکەت ئەپدەیت بکەیتەوە**

## نوسینی یەکەم کۆد

دوای ئەوەی کە بەرنامەکەمان دامەزراند دەبینین کە هەردوو بەشی یەکەم بە رەنگی سەوز دیاریکران واتە سەرکەوتوو بوو





ئێستا دێین یەکەم کۆد دەنوسین ئەویش کۆدێك تەنها بۆ ئەوەی لەسەر پەڕەی سایتەکە دەربکەوێت کە نوسرابێت "znjira kteby programsazy" بۆ ئەم مەبەستە ئەبێ بزانین چۆن کۆدی پێ ئێچ پی دەنوسین

**سەرەتا نۆتپادێك بكەرەوە و ئەم كۆدەی تیا بنوسە**

```
<?php


?>
```

**وەك ئەم وێنەیە**




**بۆشای نێوان دوو دێڕەكە هەرچەن بیٚ گرنگ نییە**

**ئەو دوو دێڕە كۆدە ئەوە بنەمای سەرەكی نوسینی كۆدە لە زمانی پی ئێچ پی، پێویستە كۆدەكانی پی ئێچ پی لە نێوان ئەو دوو كۆدە بنوسرێت، لێرە بەدواوە كە دەڵێین كۆد دەنوسین واتە دەبێت لە نێوان ئەو دوو**


**دێرە کۆدەکەمان بنوسین، ئێستا بۆ ئەنجامدانی کارەکەمان سەرەتاییترین کۆد دەنوسین کە ئەویش پیشاندانی ئەو ڕستەیە کە وتمان**

**بۆ ئەو مەبەستە دوو فرمانمان هەیە ئیکۆ و پرنت**

Echo

Print


**ئەتوانین یەکێك لەمانە بەکاربێنین، ئەم دوو وشە بۆ دەرکەوتنە واتە هەر شتێك بمانەوێت دەربکەوێت یەکێك لەم دوو وشەی بۆ بەکاردێنین بەم شێوەیە**




**پاشان خەزنی بکە لەم شوێنە**

C:/xampp/htdocs

**ئاگاداربە ئەبی بە پاشگری پی ئێچ پی خەزنی بکەی**





**ئینجا بۆ زانینی ئەوەی کە ئایە کارەکەمان سەرکەوتووە براوسەرێك بکەوە(گۆگل کرۆم یان فایەرفۆکس یان هەر بەرنامەیەکی تر)**

**لە شوێنی نوسینی سایتەکە بنوسە**


Localhost/alan.php

**ئەو ناوە بگۆڕە بەوەی کە خۆت خەزنت کردووە ئینجا ئینتەر بکە و ئەنجامی کارەکەت دەبینیت**




**ئەوە سەرەتایترین کۆد بوو لە پی ئێچ پی تەنها بۆ ئەوە بوو کە بزانیت چۆن کۆد دەنوسیت و ئەنجامەکەی لە کوێ دەبینیت، لێرە بەدواوە پێویست ناکات نۆتپادی تر بکەیتەوە بۆ هەر کۆدێك ئەو نۆتپادە دەستکاری بکە و سەیڤی بکە بۆ خێراکردنی کارەکەت.**


**بۆ زانینی ڤێرژنی پی ئێچ پییەکەت ئەتوانیت لە شوێنی نوسینی سایتەکە بنوسیت لۆکال هۆست پاشان کە کرایەوە بەم شێوەیە کلیك لەسەر پی ئێچ پی ئینفۆ بکە**




**دواتر پەڕەی زانیاری پی ئێچ پی دەکرێتەوە، ئەمە هەر بۆ زانیاری بوو، ئێستا دەچینەوە ناو پی ئێچ پی و نوسینی کۆدەکان**

**ئەگەر بمانەوێت دێڕێ نوسینی تر زیاد بکەین و لەژێر دێڕی یەکەم دەربکەوێت پێویستمان بە فرمانێکی ترە کە ئەویش** </br>


**بەم شێوەیە بەکاردێت**





**ئێستا نۆتپادەکە خەزن بکە و ڕیفرێشێ بە پەڕەی ئینتەرنێتەکەت بکە ئەنجامەکەی دەبینیت**




وەك دەبینین دوو دێڕە نوسینەكە لەژێر یەكدا نوسراون بەڵام، ئەگەر بێین ئەو </br> لابەین دەبینین ئەنجامەكەمان تێك دەچێت یان هەردوو دێڕە نوسینەكە لە یەك ڕیزدا دەنوسێت. با تاقی یكەینەوە




ئێستا كۆدەكە بەو شێوە بنوسە و خەزنی بكە پاشان پەڕەی ئینتەرنێتەكە ریفرێش پێبكە دەبینیت هەردوو دێڕە نوسینەكەی لەپاڵ یەكدا داناوە.





**وەد دەبینیت هەردوو دێڕ نوسینەکەی لە یەك ڕیزدا نوسیوە بە پاڵ یەکەوە.**


**ناساندنی ڤاریەبڵ**

**زۆر جار لەوانەیە ئەم وشەت بیستبێت "ڤاریەبڵ" واتە گۆڕاو کە ئێمە نرخێکی دەدەینێ و دواتر لەو شوێنەی پێویستمانبێت بەکاردێنین، کۆد نوسین و پرۆگرامسازی بە گشتی بابەتێکن بە شێوازی پێناسە و نوسینەکی دەربڕینی کەم بۆ دەکرێت و ئەگەر بشتوانرێت دەرببڕێت لەوانەیە مەبەستەکە نەگات بۆیە باشترین کار بەکرداریکردنە ئێستا بە کرداری باسی ڤاریەبڵ دەکەین.**


**لە زمانی پی ئێچ پی پێویستە بۆ دروستکردنی ڤاریەبڵ لەپێش ناوەکەوە هێمای $ دابنێین ئینجا بە ویستی خۆمان ئەو ناوە دەنوسین کە دەمانەوێ ببێ بە ڤاریەبڵ. بەم شێوەیە**




ئێستا ئەگەر ریفرێشیێ بە پەڕەکە بکەین دەبینین کە ڕستەی یەکەممان پیشان دەدات چونکە ئێمە دوو ڤاریەبڵمان هەیە بەڵام تەنها ڤاریەبڵی یەکەم وشەی ئیکۆی لە پێشەوەیە.




وەك دەبینین ئەو ڤاریەبڵەی ویستمان پیشانی دا، ئێستا بە شێوەیەکی تر تاقی دەکەینەوە





**ئێستا داوامان کردووە کە هەردوو ڤاریەبڵەکە پیشان بدات**


**ئەوەش ئەنجامەکەی**




**بەڵام وەك دەبینن نرخی هەردوو ڤاریەبڵەکە لەپاڵ یەکدا نوسراون بۆئەوەی بە ڕیزی جیا بنوسرێت ئەوە <br> زیاد بکە بەم شێوەیە.**




**ئێستا ڕیفرێش بە پەڕەکەت بکە دەبینیت دوو ڤاریەبڵەکەی بە دوو ڕیز پیشان داوە**




**نوسینی کۆمێنت بۆ بەکارهێنەرانی تر**

**زۆرجار لەوانەیە بەتەنیا تۆ سایتێك دروست نەکەیت یان چەند کەسێك پێکەوە پرۆژەیەکتان هەبێت بۆیە پێویستە ئاگاداری کارەکانی یەکتر بن و هەر شتێکتان هەبێ بۆ کەسی دوای خۆتان بینوسن، بۆ ئەم مەبەستەش لە زمانی پی ئێچ پی ڕێگەمان پێدراوە کە کۆمێنت و تێبینی لەناو زمانەکە بنوسین بی ئەوەی کارەکانمان لێ تێك بدات.**


**بۆ ئەم مەبەستە دوو شێوازمان هەیە**

**ئەگەر کۆمێنتەکە یەك دێڕ بوو ئەوا بە دوو سلاش ئەو کارە دەکەین //**

**ئەگەر کۆمێنتەکە زیاتر لە دێڕێك بوو ئەوا بە سلاش و هێمای لێکدان ئەو کارە دەکەین /* بۆ کردنەوەی تێبینیەکە و */ بۆ داخستنی تێبینییەکە. بەم شێوەیە**




**ئێستا تێبینیەکانمان بە هەردوو شێوازەکە نوسی و بۆ بینینی ئەنجامەکەی ڕیفرێشیّ بە پەڕەی ئینتەرنێتەکەت بکە و دەبینیت ئەنجامەکەمان بۆ دەرچووە بیّ ئەوەی نوسینی تێبینیەکان هەڵە لە پرۆژەکە دروستبکات.**




**ئەم شێوازی نوسینی تێبینیە لێرەدا تەنها بۆ دەس ڕاهاتنە لەسەر کۆد نوسین بەڵام زیاتر بەکارهێنانی لە پرۆژەی گەورەدا هەیە.**

**چۆنێتی ئەنجامدانی کردارە بیرکاریەکان لە زمانی پی ئێچ پی**

**بە بەکارهێنانی ڤاریەبلّ ئەتوانین بە ئاسانی کردارە بیرکاریەکان لە زمانی پی ئێچ پی بکەین وەك لێکدان و دابەش و لێدەرکردن و کۆکردنەوە بەم شێوەیە**




```php
<?php

$nrxy_yakam = 10;
$nrxy_dwam = 5;

echo $nrxy_yakam+$nrxy_dwam. "<br>";

echo $nrxy_yakam-$nrxy_dwam. "<br>";


echo $nrxy_yakam*$nrxy_dwam. "<br>";


echo $nrxy_yakam/$nrxy_dwam;

?>
```

**لێرەدا ئاگاداربە بۆ دروستکردنی ڤاریەبڵ پێویستە ئەو ناوەی بۆ ڤاریەبڵەکەی دادەنێیت بەیەکەوە نوسرابن واتە سپەیسی لە نێوان نەبێ بەڵکوو ئەگەر دوو وشە بوو ئەوا بە هێمای _ بەیەکەوە دەیانبەسینەوە**

**ئێستا ئەنجامی کارەکە دەبینین**




**ناساندنی نەگۆڕەکان**

**هەروەك چۆن گۆڕاوەکانمان هەیە و نرخێکی ئەدەینێ بەو جۆرەش نەگۆڕمان هەیە کە نرخەکەی جێگیرە**

**بۆ دروستکردنی نەگۆڕێك فەرمانی** define **بەکاردێنین بەم شێوەیە**

Define (“NAWEK”,”nrxy nagoraka”)

**چۆنێتی بەکارهێنانی**




```
<?php

Define ("ALAN","student of physics");

echo ALAN;


?>
```

**ئەنجامەکەی**





**چۆنێتی زانینی ژمارەی پیتەکانی نوسینێك**

**بۆئەوەی بزانین دێڕیٚ نوسین یان هەر نرخێکی تر ئەوا Strlen بەکاردەهێنین بەم شێوەیە**





**وەك دەبینیت ئەو ناوەی نوسیومە بە سپەیسەکانەوە 16 پیتە واتە دەبێت 16 حساب بکات ئێستا ڕیفرێش بە پەڕەکەت بکە و ئەنجامەکەی دەبینیت**





**چۆنێتی پیشاندانی کات و بەروار لە زمانی پی ئێچ پی**

**بۆ پیشاندانی کات و بەروار فرمانی** date **بەکاردێنین، بەم شێوەیە**




**ئەو سلاش و پیتانەی لە نێوان کۆتەیشنەکان نوسراون تۆ دەتوانیت بە ویست خۆت بیگۆڕیت و ڕێکیان بخەیت بەلاّم ئاگاداربە دەبێت تەنها پیتی ڕۆژ و مانگ و سالّ و بەروار بەکاربێنیت، بۆ زیاتر تێگەیشتن سەیری ئەنجامەکەی بکە**




**بەکارهێنانی ڕستەی مەرجی لە زمانی پی ئێچ پی**

**لە زمانی پی ئێچ پی بە هەمان شێوەی ڤیژوەل بەیسك ڕستەی مەرجیمان هەیە، لە زمانی پی ئێچ پی جیاوازیەکی وای نیە لەگەڵ ڤیژوەل بەیسك تەناه چەند خاڵبەندیەکە دەبێت ئاگاداری بیت بۆ ڕونکردنەوەی چۆنێتی بەکارهێنانی ڕستەی مەرجی ئەم نمونە شیکار دەکەین.**

**خوێندکار دەبێت نمرەکەی لە سەروو 50 بێت ئینجا بە دەرچوو حسابە ئەگەر خوار 50 بێت واتە دەرنەچووە**

**بۆ ئەو مەبەستە ڤاریەبڵێك و ڕستەی مەرجی بەکاردێنین بەم شێوەیە**


```
<?php

$alan=78;

if($alan>50)
{echo "darchwa";}
else
{echo "darnachwa";}

?>
```

ئێستا نمرەی خوێنکارەکە 78 واتە سەروو 50یە کەواتە مەرجەکەمان ڕاستە ئەبێ خوێنکارەکە بە دەرچوو حساب بکرێ، ریفرێشی بە پەڕەکەت بکە و ئەنجامەکەی دەبینیت




وەك دەبینیت نوسراوە دەرچووە، ئێستا نمرەکە بگۆڕە بۆ خوار 50 هەر نمرەیەك بێت بە مەرجێ خوار 50 بێت

alan - Notepad

File Edit Format View Help


```
<?php

$alan=44;

if($alan>50)
{echo "darchwa";}
else
{echo "darnachwa";}

?>
```


**ئێستا نرخی ڤاریەبڵەکەمان گۆڕی و مەرجەکەشمان ئەوەیە کە ئەگەر خوێندکار نمرەکەی سەروو 50 نەبوو بە دەرنەچوو حساب بکریٚ، ئێستا ئەنجامەکەی سەیرکە**





**وەك دەبینیت نوسراوە دەرنەچووە**

**فرمانی for له زمانی پی ئێچ پی**

**له زمانی پی ئێچ پی بەم شیچوەیە فرمانی for بەكاردێنین**




**ئێستا ڤاریەبڵێكمان دروستكردووە و نرخێكمان پێداوە كە ژمارە 1ە و مەرجێكمان بۆ داناوە ئەگەر نرخی ڤاریەبڵەكە لە 10 كەمتر بوو ئەوا ئەو ڕستەیەمان پیشان بدات كە دیاریمان كردووە و پاشان جارێكی تر بگەڕێتەوە بۆ فرمانەكە بەم شیچوەیە تا ژمارە 10 ئەم گەڕانەوەی بەردەوام دەبێت و بەردەوام ئەو ڕستە دوبارە دەكاتەوە تا مەرجەكە جێبەجێ بێت، كە مەرجەكە تەواو بوو ئیتر دەوەستێت، بۆ بینینی ئەنجامەكەی ڕیفرێش بكە**






**وەك دەبینیت 10 جار ئەو ڕستەی دوبارە کردەوە بەڵام نەبوو بە 11 چونکە 11 لە مەرجەکەماندا نییە**

**هەڵەکانی سینتاکس لە زمانی** PHP

**لەکاتی نوسینی کۆدەکانی پی ئێچ پی ئەگونجی چەندین هەڵە بکەین لە سەرەتاوە و تەنانەت کەسانی پێشکەوتووش هەندێ جار هەڵە دەکەن لەبەرئەوەی بۆ کارکردن لەسەر زمانەکە پێویستە بە وردی ڕەچاوی خاڵبەندی بکەی چونکە خاڵبەندی سەرچاوەی زۆر لە هەڵەکانە.**

**ئێستا بۆ فێربوونی چۆنێتی دۆزینەوەی شوێنی هەڵەکان و چارەسەرکردنی بە چەند شێوازێك باسی دەکەم**









**لەکاتی بوونی ئەم هەڵە پێمان دەڵێت کە هەڵەیەك هەیە لە ریزی 3 هەڵەکەش یان ) یان ;**

**بۆ چارەسەرکردنی ئەبێت ; بسرێتەوە چونکە ناکرێت ) بسرێتەوە لەبەر ئەوەی کۆدەکە ناتەواو دەرەچێت بۆیە بۆمان دەرکەوت کە هەڵەکە تەنها ئەو ; بووە، ئێستا بیسرەوە و تاقی بکەوە دەبینیت چاك بووە.**

**جۆریچکی تر لە هەڵە**




**ئەم هەڵەیەش لە ڕیزی 8 کۆدەکانە و هەڵەکە لە خاڵبەندییە، هەڵەکە ئەوەیە کە بە ; نوسینەکەمان دانەخستووە، بۆ چارەسەرکردنی لە دوای کۆتەیشنەکەوە هێمای ; دابنێ دەبینی کە کێشەکە چارە دەبێت.**

**زۆر هەڵەی تر ڕوودەدات لەکاتی نوسینی کۆدەکان ئەوەی نوسیومە تەنها بۆ زانیاریە تا بزانی چۆن لەڕێچگەی ئاگاداری زمانەکەوە شوێنی هەڵەکە دەستنیشان دەکەیت.**

**تێبینی و ڕەخنەكان**

**لەوانەیە پرسیاری ئەوەت لا دروستبێت كە بۆچی بە شێوەیەكی هەڕەمەكی و دوور لە ڕیزبەندی باسی كردارەكانم كردووە؟**

**مەبەستم لەم شێوازە دەربڕین و فێركردنە ئەوەیە فێرخواز خۆی نەبەستێتەوە بەو شێوازە تەقلیدیەی كە لە زانكۆ و پەیمانگاكان فێری دەكرێت، مەبەستم ئەوەیە كە بتوانیت خۆت زیاتر هەوڵی لەگەڵ بدەیت لەوانەیە من زۆر شتم پەڕاندبێت هەندێكم بیچوبێت باسی بكەم و هەندێكیش بە مەبەست پەڕاندوومە تا فێربیت كە خۆت بەدوایا بچیت و بزانیت كە ئەوەی لەبەردەستە و ئەوەی خوێندووتە بەس نییە بۆ فێربوون بەڵكو جیهانی بەرنامەسازی و كۆد نوسین زۆر فراوانترە و پێویستە خۆت هەوڵی لەگەڵ بدەیت.**

**كتێبەكانم لە چەند پەڕەیەكی كەم پێكهاتووە كە زۆریەكەی ناگاتە 100 پەڕە، ئەمەش زیاتر لەبەرئەوە وام لێكردووە كە فێركاریەكان بەش بەش بڵاو بكەمەوە تا فێرخواز لەبەر زۆر پەڕە و خوێندنەوە بێزار نەبێت.**

**زۆرتر كۆدەكانم بە وێنە داناوە ئەویش لەبەرئەوەی كە خۆت كۆد بنوسیت نەك كۆپی بكەیت تا زوو دەست ڕابێت لەسەر كۆد نوسین.**

**لەزۆر شوێندا ناوی بەرنامەكانم بە زمانی ئینگلیزی و ڕێنوسی كوردی نوسیوە ئەویش لەبەر خێرای كارەكە و گەڕاندنەوەی كات، بڕواش ناكەم كێشەیەك دروستكات ئەوەی خولیای فێربوونی پرۆگرامسازی هەبێت نەك ئەوانە ناكات بە كێشە بەڵكوو چەندین بەربەست دەبڕێت تا دەگاتە ئامانجەكەی.**

**لەكۆتایدا ئەوەی باسم كرد شتێكی زۆر كەمە لە زمانی پی ئێچ پی، تەنها وەك سەرەتایەك و ناساندنی زمانەكە ئەتوانیت سودی لێببینیت.**

# کۆتای بەشی یەکەم

**لە نزاکانتان بێبەشم مەکەن**